# شەو

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

ئیمشەو لە باخچەی وەریوی خەون لە ژوورەکەما
پەنجەرەیەك نی یە
هەوایەکی پاك
یان شنەی بۆنی حەبیبەیەك بێنێ ،
ئیمشەو لە پاڵ دەف و گیتارێکی تۆز لێ نیشتوو
گۆرانیەك نی یە
وێنەیەکی شیرینی ڕابردووم بیرخاتەوە
یان بە ئاستەم نۆتەیەك
لە لەرەی نازی حەبیبەیەك بخوێنێ ،
ئیمشەو ژوورەکەم دارستانێکی پیر پیرە
لەوێدا سنەوبەری حیکایەتی تەواو نەبووی تەنیایی
بە ڕووتی لە خۆی و
لەمن وردەبێتەوە ،
ئاخر چاوی برسی من هەرگیز لە سەر ئەو نی یە
هاوار و هاوار لە من
سنەوبەرەکەی خەیاڵی خۆم
لە هیچ دارستانێکی ئەم زەمینە نی یە ،
ئیمشەو ناڵی چەندە لە منی شاگردە شیعر تووڕەیە
بە حیکمەتی شیعر بە سەرما هاوار دەکا :
هێشتا زۆر زووە
بۆ بەڕەڵا بوونی کۆتری
بێ باڵی شیعری تازە
چ درەنگیشە بۆ بێدار بوونەوەی
تۆی ئاشق
تۆی پیر بووی
بێ حەبیبە !

**13/5/2005**